www.kurdistannet.org

6-8-2007 23:42بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**جوانی بێبەها ... بەكر حەبیب**




ئەم وولاتە بێوێنەیە لە جوانی باڵا و لەشولار
وەک بەهەشتێ خۆی دەنوێنی نیشانەی دەستی کردگار
چاوی سەو زو قژی زەردیان هەروەکو پەری ئاسمانن
دەم بەخەندە و سپیپێستن نموونەی بەفری کوێستانن
کەڕەوت دەکەن وەکو ئاسک ناسک و زۆر میهرەبانن
لە جێژوواندا فریشتەن و تێکەڵاوی جەستە و گیانن
گرنگ نییە لایان مادده تەنها چێژیان لامەبەستە
بە دوو سەرنجی سیحراوی پێشکەشتە هەموو جەستە
بەڵام ئەمان کەی حەز بکەن وەک بەرگ هاوسەریان دەگۆڕن
بۆ مانای دلسۆزی و وەفا بێباک و زۆر چەکمە بۆرن
بۆیە هەزار سڵاو لە تۆ کیژۆڵەی پاکی لای خۆمان
کە پەیمانی عەشقی دایتێ بۆ تۆیە تا ئاخرزەمان
سەدانڕەحمەت لە پێشینان ووتویانە بێ سەریەشە
کوردە هەمیشە لاقانت بەقەد بەرەی خۆت ڕاکێشە

2004/

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.